# رونكردنەوەیەك لەمەكتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستانەوە

## جەماوەری كوردستان

## حزب و لایەنە سیاسیەكان

ئاشكرایە دوای ئەوەی ئەم كێشانەیان بۆ دیموكراسیخوازان دروست كرد، ئێمە هەرزوو زانیمان ئامانج لەو كێشانە دورخستنەوەی دیموكراسیخوازانە لەو رەوتەی كەهەیەتیو خەریك كردنی كادیران و ئەندامانیەتی بەكێشەی لاوەكی بۆیە ئێمە هەرلەسەرەتاوە لە رونكردنەوەیەك رامانگەیاند كەوەلآمی ئەو برادەرانە نادەینەوە كەلێرەولەویّ بەناوی حزبی دیموكراسیخوازانەوە قسەی بازاڕی بەكادیرو ئەندامانمان دەڵێن.

هەرلەم پێناوەش بۆ خۆبەدورگرتن لەكێشەی لاوەكی ئێمە رۆژی 2007/10/26 بەئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتیـدادو پارێزگای هەولێر كۆنفرانسێكمان بەست، لەم كۆنفرانسە جگەلە هەڵبژاردنەوەی سەركردایەتی ناوی خۆمان گەڕاندەوە بۆ بزووتنەوەی دیموكراسیخوازان، بۆئەم مەبەستەش بەشێوەیەكی رەسمی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستانمان ئاگادار كردەوە، بەلآم ئەوەی جیّی سەرسوڕمان بیّ ئەو برادەرە دابڕاوانە لەبەیاننامەیەكی شپرزە لەبەرواری 2007/11/10 بەناوی كۆمیتەی بالآ رایدەگەیەنن كە بڕیاری كۆمیتەی بالآ ئەوانیش ناوی خۆیان لەحزبەوە گۆڕیوە بۆ بزووتنەوە، كەئەمەش تەنها بۆ ئاستەنگ دروست كردن بۆ دیموكراسیخوازان و سەرلێشێواندنی خەڵك ئەگەرنا هەر ئەو برادەرانە لەبەرواری 2007/10/28 دوو رۆژ دوای كۆنفرانسەكەی ئێمە لەرونكردنەوەیەك لەسەر كۆنفرانسەكەی ئێمە رایدەگەیەنن كەئەوان هەر بەناوی حزبی دیموكراسیخوازان درێژە بەكارەكانیان دەدەن. بەلآم دیارە كارو رۆڵی ئەوان تەنها لەئاستەنگ دروست كردن بۆ بزووتنەوەی دیموكراسیخوازان كورت كراوەتەوە. بەپیّی ئەو راگەیاندنەی ئەوان كەدەلێن لە 2007/10/15 وەزارەتی ناوخۆمان ئاگادار كردۆتەوە ئەی بۆ لە 2007/10/28 هەربەناوی حزبی دیموكراسیخوازان خۆتان رادەگەیەنن، ئەگەر ئەم ماستە بیّ موو نییە؟!

لەلایەكیتر هەركەسیّ رۆژیّ حزبایەتی كردبیّ و بەپیّی پەیرەوی ناوخۆی دیموكراسیخوازانیش دەزانن كە گۆڕینی ناوی حزب لە ئەرك ودەسەلآتی كۆمیتەی سەركردایەتی نییە بەڵكو ئەمە دەسەلآتی كۆنگرەو كۆنفرانسە. بۆیە ئەمە سەرلێشێواوییو نەشارەزاییو سەرەتایی ئەوبرادەرانەنیشان دەدا لەكاری حزبایەتی.

بۆیە ئێمە لێرەوە جەماوەری كوردستان و حكومەتی هەرێم و حزب و لایەنە سیاسیەكان ئاگادار دەكەینەوە كەئەمە جگەلە نایاسایی ئەم كارەیان سەرلێشێوانی خەڵك و سووككردنی كاری حزبایەتیە بۆیە داوا لە وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین بەپیّی یاسا رێگربیّ لەم كارە نایاساییەی ئەوبرادەرانە.

مەكتەبی سیاسی

بزووتنەوەی دیموكراسیخوازانی كوردستان

2007/11/13